# هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکانی کفری لەگەشتنامەکەی ریچ (قەرە ئۆغلان بەنمونە)

**د. شوان محمد صابر**
زانکۆی سلێمانی

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/١٦          ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە مەبەستییەتی ئەو هەڵکۆڵینە شوێنەوارییانەی لە شوێنەوارەکانی کفری لە گەشتەکەی مستەر ریچدا باسکراوون رونتر بکاتەوە، بە دیاریکراوی شوێنە شوێنەوارییەکانی قەرە ئۆغلان، کە ناوچەیەکی شوێنەواری کفرییە، بۆ خستنە ڕووی زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو کنەو پشکنینانەی کە مستەر ریچ و هاوکارەکانی ئەنجامیان داوە، چیان دۆزیوەتەوە، چیان لێکردون، بۆ چ سەردەمێك دەگەڕێنەوە چۆن ئەو زانیاریانەیان پشتراست بکەینەوە، یان بە پێچەوانەوە، لەم توێژینەوەیەدا کارمانکردوە لەسەر دیاریکردنی ئەو شوێنە جوگرافیایەی کە مستەر ریچ بە قەرە ئۆغلان ناوی دەبات، بەراورد بە ئێستای شاری کفری، لەسەر بنەمای دیاریکردنی شوێنی جوگرافییاکەی لەلایان مستیر ریچەوە لە ڕوانگەی گۆشەکانی باکور بۆ باشور خۆرۆهەلات بۆ خۆرئاوا، بەشێوەیەکی مەیدانی کە ئێستا دەکاتە گردەکانی بەرانبەر گەرەکی ئیمام محمەدی کۆن، کە بە (ئەوبەری چەم) ناساروە ،لە دامێنی شاخەکانی باکوری خۆرهەڵاتی کفری ،کەبە (قاتەکانی کفری) ناودەبرێن، ئەو پاشماوە شوێنەواریانەی کە مستەر ریچ باسیکردن و بەسەردەمی جیاوازی وەك سلوکی و بابلی و هەخامەنشی و ساسانی ،بەشێکیان بیناسازین و بەشێکیشان کاری گڵێنەین، بەراورد بە مێژوی ناوچەکە یەکدەگرنەوە و بەشێکی گرنگی شوێنەوارو مێژوی کوردستان و شاری کفرین.

**کلیلە وشەکان: گەشتنامە،کفری،ریچ، قەرە ئۆغلان،ساسانی .**

**ملخص:**

يهدف هذا البحث إلى توضيح الحفريات الأثرية في المواقع الأثرية في كفرين المذكورة في رحلة السيد ريج وخاصة المواقع الأثرية في قره أوغلان وهي منطقة أثرية في كفرين ولا توجد معلومات إضافية عن الحفريات التي أجراها السيد ريج وفريقه الزملاء، ما وجدوه، ما كيفية التحقق من هذه المعلومات، أو العكس، في هذه الدراسة عملنا

على تحديد الموقع الجغرافي الذي يسـميه السـيد ريتش كارا أوجلان، مقارنة بالمدينة الحالية كفري، بناءً على الموقع الجغرافي للسـيد ريج زوايا من الشـمال إلى الجنوب، ومن الشـرق إلى الغرب، في حقل يشـكل الآن التلال المقابلة لحارة الإمام محمد القديمة، المعروفة بـــ (عبر النهر)، عند سفح الجبال في شمال شرق كفري، وهي (أرضية حرة) ), والبقايا الأثرية التي ذكرها السيد ريج هي جزء من تاريخ المنطقة وتشكل جزءاً مهماً من آثار وتاريخ كردستان ومدينة كفرين.

**الكلمات المفتاحية:** رسالة سفر، كفري، ريج، كارا أوغلان، الساسانية.

**summary:**

This study aims to clarify the archaeological excavations in the archaeological sites of Kafri mentioned in Mr. Rich's trip, especially the archaeological sites of Karaoglan, which is an archaeological area Kafriya, to provide more information about the excavations that Mr. Reach and his colleagues have conducted, what they found, what they did to them, to what era they go back how to confirm this information, or to On the contrary, in this study we have worked on determining the geographical location that Mr. Rich calls Karaoğlan, compared to the present city of Kafri, based on the geographical location determined by Mr. Rich in View of the corners of north to south, east to west, in a field that now makes the hills opposite the old Imam Mohammed neighborhood, known as (beyond the stream), in the foothills of the northeastern mountains of Kafri The archaeological remains mentioned by Mr. Rich from different periods such as Seleucid, Babylonian, Achaemenid and Sassanid, some of them are architectural and some of them are pottery, compared to the history of the region They are an important part of the history of Kurdistan and Kafrin.

**Keywords**: travel lettee, Kafri, Rech, Karaoglan, Sassanid.

**پێشەکی:**

گەشـتنامەی ڕۆژهەڵاتناس و گەریدە بینانییەکان یەکێکن لە سـەرچاوە گرنگەکان بۆ توێژینەوەی زانسـتی لە بوارەکانی شـوێنەوار و مێژوو، چونکە بهشـێکی زۆر لە گەریدە و نوسـەرەکۆنەکان بەوردی لەکاتی گەشـتەکانیاندا، کۆمەلێك زانیاریی گنگیان بۆ تۆمارکردوین، یەکێك لە گەشـتنامەگرنگەکان دەرباری شـوێنەوارو مێژووی کوردسـتان گەشتەکەی کلۆدیۆس مستەررێچە بۆ کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٨٢٠ ، زۆر بەوردی باسـی ئەوناوچانەی کردووە کە سـەردانی کردوون، زانیاری گرنگی بۆ ئێمە تۆمارکردووە، ئەوەی گرنگە لێرەدا پێداچونەوە بەو زانیاریانەی کە نووسـەر لە یاداشـتەکانیدا دەربارەی گەشـتەکەی نوسـیویەتی، بەتایبەت بۆ توێژینەوەکەی ئێمە کەدەربارەی شـاری کفری و هەڵکۆڵینە شـوێنەوارییەکانە لە ناوچەی شـوێنەواری قەرە ئۆغلان، گرنگە رونکردنەوەی ئەو دۆزینەوانەی مستەر ریچ ٢٠٥سـاڵ لەمەوپیش کە بە زانیاری نوسـین هەمانە بەراورد بکرێن بە بەلگە شـوێنەوارییەکانی ئیسـتا بۆ زیاتر رونکردنەوەی مێژوی ناوچەکە و کفری و کوردسـتان، رێچ زۆر بە رونی باس لە دۆزینەوەی شـوێنەواری سـەردەمی ساسانی دەکات، پرسیاری گرنگ و زانستی ئەوەیە ئایا ریچ ئەو سەرنجەی نوسیویەتی لەسەر ئەو پارچە شوێنەوارو شـوێنە شـوێنەواریانە دورسـتن ئەگەر راسـتن چون ئەگەر نانراسـتن راسـتەکە کامەیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەسـەر

بنەمای زانیارییەکانی مســتەر ریچ و بەلگە شــوێنەوارییەکان و تۆمارە مێژوییەکان زانیاری رونتر دەخاتە رو لەســەر مێژووی ناوچەکە و شاری کفری و کورد ستان، لە چوار چێوەی نا ساندنێکی کورتی مێژوو و شوێنی جوگرافی شاری کفری و پاشــان زانیاری نێو گەشــتەکەی مســتەر ریچ و بەلگە شــوێنەوارییە مەیدانییەکان و زانیاری نێو تۆمارە مێژووییەکان.

**کێشەی توێژینەوە:**

گرفتی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ئەو زانیاریانەی کە مســتەر ریچ لە گەشــتەکەیدا باســیکردن و بەلگەکانی لەبەردەســت نین، واتە ئەو پاشـماوە شـوێنەواریانەی لەلایان مسـتەر ریچ دۆزراونەتەوە نەبراونەتە مۆزەخانە یان لە ئێستادا لە هیچ مۆزەخانەیەك نین بۆ ئەوەی توێژینەوەیان لە سەر بکریێت و هەوەها وێنەی نەکێشاونەتەوە، هێڵکاری ئەو شــوێنە بیناســازییانەی کە باســیکردون نەکێشــکراوە ،ئەمەش وادەکات ئێمە تەنها پشــت بە زانیاریەکانی نێو گە شتەکە ببە ستین، گرفتی دیکە ئەنجامنەدانی هەڵکۆڵێنی شوێنەواری لەو ناوچەیەی کە مستەر ریچ با سیکردوە بۆ دڵنیابونەوە لەو ئەنجامەی مستەر ریچ لە گەشتەکەیدا باسیکردووە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی سـەرەکی ئەم توێژینەوەیە رونکردنەوەی دەرئەنجامەکانی هەڵکۆلینە شـوینەوارییەکانی مسـتەر ریچە لە کفری و قەرە ئۆغلان، بەرمەبنای زانیارییەکانی نێو گەشـتنامەکە و بەڵگە شـوێنەوارییەکانی ناوچە شـوێنەوارییەکانی ئێســتای کفری، بە ئامانجی ئەنجامدانی هەڵکۆڵنی شــوێنینەوری لە ناوچە شــوێنەواریەکانی ئێســتای کفری بۆ زیاتر ئاشنابون بە مێژووی کفری و وەڵامدانەوەی پرسیارە بێوەڵامەکان دەربارەی مێژووی ناوچەکە.


**مێتۆدیی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە میتۆدی کتێبخانەییە ،بە ئامانجی بەراوردکردنی زانیاری مێژووی بەڵگەی شوێنەواری بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ورد لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکان و ئەو شارستانییەتەی لەناوچەکەدا هەبووە، بۆ رۆ شنکردنەوەی مێژوی شوێنێك کە بەوردی ئیشی لە سەر نەکراوە گرنگە چونکە بەبەراوردکردنی زانیاری لە میتۆی کتێبخانەی دەگەینە ئامانجی دیاریکراو.

**بەشی یەکەم**

**باسی یەکەم: شوێنی جوگرافی شاری کفری**

شاری کفری دەکەوێتە رۆژهەڵاتی با شووری پارێزگای کەرکوکەوە و بە شی با شووری رۆژئاوای هەرێمی کورد ستان، لەدامێنی شاخی باوە شا سوار هەڵکەوتتوە، لە سەر هێڵی درێژی (٤٥=٥٧=٤٤°) لەبە شی باکوور و هێڵی پانی (٢٠=٤١=٣٤°) لەبەشــی رۆژهەڵاتە و (٢٣٠م) لەئـاســتی دەریـاوە بەرزە (عزیز،٥:٢٠١٣). قەزاکە لەڕووی کـارگێڕییەوە پێکـدێـت لە ناحیەکانی (ناوەند، ســەرقەڵا، ئاوەســپی، نەوجول و کۆکس) رووبەری قەزاکە بریتیە (١٥،٢٨٧٨) کم٢ دەکاتە رێژەی ( ٥٠،٦% )ی رووبەری ئیدارەی گەرمیان. (احمد، ٢٠١٨:١٥١).

لە باشـــووری ڕۆژهەڵاتییەوە ناوەندی شـــاری کەرکوکە بەدووری ١٢٠کم، لە باکوورەوە بە دووری ١٩٠ کم دوورە لە ناوەندی پارێزگای ســلێمانییەوە، لە لەباشــووریشــەوە لەگەڵ شــاری بەعقوبە کە ناوەندی پارێزگای دیالەیە بە ١٢٥ کم دوورە و بە زنجیرە چیای حەمرین و ناحیەی قەرەتەپە دە ستپێدەکات و بەدووری ٢١٠کم لەبەغدای پایتەختەوە دوورە (عبدالله، علی، ٢٠١٩: ٤٣١). (نەخشەی ژمارە ١)




نەخشــەی ژمارە ١: شــوێنی جوگرافی شــاری کفری لە نەخشــەی عێراق و هەرێمی کوردســتان: د.محمد مهدی کریم (٢٠٢٤)

**باسی دووەم: کورتەیەکی مێژوویی شاری کفری**

شـاری کفری لە ئێسـتادا خاوەنی چەندین شـوێنەواری مێژووی گرنگە، ئەمەش نیشـانەی ئەوەیە لە مێژە ئەم شـارە پێگە و گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە(توێژەر).

شـوێنی شـارەکە پێشـتر لەناو دۆڵەکانی چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ئێسـتایدا بووە، لەهەزارەی چوارەم و سـێیەمی پێش زایین لە سەردەمی (ئوور)دا کفری لەناو ئیمپراتۆریەتی (ئوور) حوکمێکی ئۆتۆنۆمی هەبووە، لە سەردەمی ئا شووری و بابلییەکاندا شــار بەناوی (کیرۆ)وە ناســراوە، لەهەزارەی یەکەمی پێش زاییندا واتا ســەردەمی ســۆمەرییەکان ناوی (کیماش) بووە (نەریمان،١٩٩٤: ١١).

گەریدەیەکی بێانی بەناوی (نیپور) کەهاتوەتە کوردســتان لەســاڵی ١٧٦٦ی زایینیدا بە کفریدا ڕەدبووە و ناوی (کفری) بە (کرفە) هێناوە (نەریمان،١٩٩٤: ١١) و وتویەتی کە یەکێک لەخەلیفەکانی عەباسی ئەم شارەی درووستکردووە (نیپور،١٩٦٥:٨٢). بەڵام، هە ندێکی تر لەمێژوونووســان دەیگەڕێننەوە بۆ ســەردەمی دەرکەوتنی ئایینی یارســانی لەسەدەی سیانزەیەمی زاییندا (عزیز،٢٠١٣:٢٠).

بەدرێژایی دەســەڵاتی عوســمانییەکان ناوی کفری بە (صــلاحیە) هاتووە و هەر بەو ناوەش ماوەتەوە. هەتا هاتنی ئینگلیزەکان و درووستبوونی دەوڵەتی پاشایەتیی عێراق لە ساڵی (١٩٢١ی زایینی)دا و ئیتر ناوەکەی گۆڕاوە و بوەتەوە کفری (عبدالله،٢٠٠٩:١٦).

لەبەر ئەوەی کفری شـارێکی دەوڵەمەندە بەشـوێنەوار، بۆیە زۆر باس لە گرنگیی شـوێنەوارەکانی ئەم شـارە کراوە. لەوانە گردی (کفری کۆن-ئاســکی کفری) کەوتووەتە نێوان ڕووباری (ســیروان) و زنجیرە چیاکانی حەمرین و چەمی زەرگە و زنجیرە چیای قەرەداغ (عزیز،٢٠١٣:١٥). مێژووی درووسـتکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی ئاشـوورییەکان (باقر و سفر،١٩٦٥:٣٩).

ئەو شـوێنەوارانەی تا ئێسـتا ماون لەشـێوەی دەسـتکردن لەچاخ و سـەردەمە جیاوازەکاندا درووسـتکراون وەک (ئاســکی کفری و گردی قەڵای شـێروانە و ئاشـتۆکان و تلیشـان و دوانزەئیمام و سـەرقەڵا و گردەگۆزینە) و چەندین شــوێنی تری شــوێنەواریی لەنـاوچەی کفریـدا هەیە. ئەمـانە نیشــانـدەری ئـەوەن کە لەم نـاوچەیەدا و لەهەموو سـەردەمەکاندا مرۆڤ ژیاوە و شـوێندەسـتی دیارە. لەنزیک شـاری کفری ژمارەیەک کەلاوە و شـوێنەواری فراوان هەیە وەک (داوڵ خانە "دەهۆڵخانە"-قەرەئۆغلان) کە پاشــماوەی خانووەکان لە بەرد و گەچ و نەخش و نیگاری گەچکاری دەبینرێت. هەروەها، (قەڵای کچان-قزلر قلعســی) گردێکی شــوێنەوارییە بەدووری (٥) کیلۆمەتر لەباکووری کفرییەوە (دەلۆ،٢٠١٠:٢٥).

**بەشی دووەم: هەڵکۆلینە شوێنەوارییەکان لە گەشتنامەکەی ریچ**

**با سی سەکەم: گە شتەکەی مستەر کلۆدیۆس جەمیس ریچ** : لە ساڵی ١٨٢٠ نوو سیویەتی و دوای مردنی خۆی لە لایان هاوژینەکەی خانمی ریچ لە سـاڵی ١٨٣٦ بلاوکراوەتەوە(حمەباقی،١١، ٢٠١٢)، بەڵام لە نووسـینی ناونیشـانە کەدا لە ســە ڕوو هەموو ئە و ناونیشــانە دریژەوە بە خەتێکی درشــتتر لە وانیتر نووســراوە، بە ســەرهاتی نشــینگە یی لە کوردستاندا و بە رگی یەکەمیان لە ١٦ی نیسانی ١٨٢٠ نوسراوە، دەستی بە و گە شتە ی کردووە کە خوی لە یە کە مین هەنگاوی دەرچوونییە وە لە بە غدا بەنیازی سەردان و دیدەنی کوردستان بووە و لە ١٦ی نیسانی ١٨٢٠ - دا، لەگەل خوی و ژمارە یە کی زور لە کارگیران و کارگوزاران و پاریزەران و پزیشــک و نوکەر و کارەکەر و دەســتە ی نوینەرایە تی کومپانیای هندی خورهە لات کە نزیکە ی ٦٠ کە ســیك بوون بە گشــتی بەتیپی موزیکی دەولە ت و ئالای حکوومە تی بەریتانیاوە بەریگای دە لی عە باس)، (توزخورماتو) (توق تاوق (لە یلان) چەمچەمال و دەربە ندی بازیان دا لە ٨ تایار / ١٨٢٠ - گە یشتوونە تە سلیمانی) و لە م جارە یاندا کە میوانی میرنشینی بابان بە گشتی و میوانی مە حموود پا شای فەرمانرە وای میرنشـینی بابان بووە بەتایبە تی تا ١٧/٧/١٨٢٠ - لە سـلیمانی بووە. دوای ئە م ماوە یە بەرەو کوردسـتانی

خورهەڵات و ســەردانی میرنشــینی ئە ردە لان لە (ســنە) بەرێکە وتووە و بەریگای دە ربەند گویژە)، (ســروچك)، (پینجوین) و (مەریوان) دا چووەتە (ســنە) و لە ٢٥ ی ئە یلوولی ١٨٢٠ - دا، بو جاری دووە م بە ریگای (بانە)، (ئالان) و شارباژیر) دا بۆ (سلیمانی) گە راوەتەوە و ئەمجارە یان تا ٢١ی تشرینی یە کە می ١٨٢٠، لە سلیمانی بووە. (حمەباقی،١٢، ٢٠١٢).

بە رگی دووە میشیان لە ٢١ ی تشرینی یە کە می ١٨٢٠ - دە ست پیدە کات کە بو یە کجاریی سلیمانی بەجێدە هێڵێ و بەریگای دە ربەندی (بازیان و (شــوان) و (بالتوون کوپری)، (هە ولیر) تە ســکی کە لە ك مووســل) و لە ویشــە وە بە ریگای ناوی دیجلەدا بەکەلە ك، لە ٣ی مارتی ١٨٢٠ - دا بو بە غداد دە گە ریتە وە. (حمەباقی،١٣، ٢٠١٢)

**باسی دووەم: هەڵۆلینە شوێنەوارییەکانی کفری (قەرە ئۆغلان)**

مستەر رێچ لە ٢٥ نیسان دەگاتە نێو شاری کفری بەڵام کاتژمێر یانزەی نیوەڕۆ لە کاتی گە شتنیدا هەواڵی کۆمەڵێك کەلاوە دەبیســتت لە کفری(حمەباقی،٤٤، ٢٠١٢)، بۆ ڕۆژی دوایی کە دەکاتە ٢٦ نیســان هەڵکۆڵین ئەنجامدەدات و بەم شێوەیە دەنو سێت: دوێنی لە دەم رویشتنمە وە رووەو ئەو خەرەندەی دەکەویتە پشت کفرییەوە بەریکە وت هەوالی چەند کەلاوەیەکم بیســت پێیدەلین (قەرەئۆغلان) ئیتر بەپەلە بو دیتنی روومتێکرد. بو بەیانیش بوی چووینەوە و کو مە لیك گو ندنشــینمان بە پاچ و خاکە نازەوە لە گەل خو ماندا هێنابوو نزیکە ی چوار ســە عاتیك زەویمان لەدەوروبەرمان هەڵکۆلی و ئەمەش باسی ئەو هەڵکۆڵینەیە(حمەباقی،٤٥، ٢٠١٢).




دیمەنی ئاسمانی شاری کفری و شوێنەواری قەرە ئۆغلانی کۆن و ئەورەچەمی ئێستا(توێژەر)

نیو میل لەدامێنی خۆرهەڵاتی کفرییەوە لە شــوێن ئاوەرۆکەیدا، شــوێنەواری چەند دیوارێك یان چەند خانویەك هەیە، تەنانەت باران بارینی ئەم دواییانە زیانی پێگەیاندون و بەشێکیشـیان ڕوخاون، لە نێو دیوار و بیناسـازییەکەیدا پارچەی خۆشــکراوی رەنگین و مەرمەرم دۆزییەوە،کە نەخشــێنرابوون، لە ئەنجامدا ژورێکی بچوکمان دۆزییەوە کە

دیوارە کانی چوار پێی بەرزبوون، دەرگای چو نەژوورەوەی مابو ئە ندازەی ژورە کە دوانزە پێ چوارگۆشـــە دەبوو، دیوارەکان بە قسلی سادە درو ستکرابون بە قسڵ سواغداربوون هاو شێوەی دیوارەکانی قە سری شیرین، چەند پارچە قسـڵێکمان دەرهێنا کە نەخشـی گوڵی لەسـەر بووە وەك نەخشـی گۆڵی عەرەبی، نەخشـەکان ڕەنگیان ئاڵێکی زەق بوو، تەخشــتی نەخشــەکان ڕەشــبوون، شــوێنەواری چەند ژورێکی دیکە دەرکەوتن وەك ئەوەی بەریز لە پاڵیەکتردا دروسـتکرابن، بە ئاراسـتەی خۆرئاوا و باشـوری خۆرئاوا هەروەها باکورو باکوری خۆرهەلات ژورەکان درێژ دەبوونەوە، لە کەنارچەمەکەش ریزە دیوار هەیە خەڵکی ناوچەکە بەم شوێنە دەڵێن شوێنەواری کافر، کۆمەڵێك گڵێنە و دەرکەوتن کە لە چرا دەچون هەندێکیان بەڵام لەبەر ئەوەی زانیاریم کەم بون نەم زانی ئەمانە بۆ ســـەردەمی هەخامەنشـــی دەگەرێنەوە یان سلۆکی یان بابالی بەڵام پێم وابێت بۆ ساسانی بگەرێنەوە(حمەباقی،٤٧،٤٦، ٢٠١٢).

قە سری شیرین ناوچەیەکی سەرە ڕێگایە لە پارێزگای ئێ ستای کرما نشایە، لە نێوان سر پول زەهاب و خانەقین لە باشـوور و کەلار لە خۆرئاوایدایە(شـیرین محمد حسـین: ١٣٩٢، ل٣٥ و ٣٦)، قەسـری شـیرن هەوارگەی پادشـایانی ساسانبووە شارێکی کورد نشینە ئێستا لە سنووری نێوان عیراق و ئێرانە(سبحانی:١٣٨٠، ل٣٣).

لێرەدا ئێمە وەك توێژینەوەکە شـیکردنەوە دەکەین بۆ هەڵکۆڵینەکەی مسـتەر رێچ و ئەو پاشـماوانەی کەباسـیان دەکات لە کاتی کنە و پشکنین دۆزراونەتەوە.

یەکەم: شـوێنی جوگرافیایی قەرە ئۆخڵان، ئێسـتە ئەم شـوێنە پێدەوترێت خەرابەی قەرە ئۆغڵان، یان کەلاوەکانی قەرە ئۆغلان، لەسـەر بنەمای شـوێنی جوگرافیایی کەلاوەکان لە گەشـتنامەکەی مسـتەر رێچ کە لە باکوری خۆرهەڵاتی شـــاری کفری لە بناری کێوەکان یەك میل بەلایی خورادا دەکاتە باکوری خۆرهەڵاتی ئێســـتای ســـەنەری شـــاری کفری ناوچەی ئەوبەری چەم، بەرنابەر گەرەکی ئێستای ئیمام حەمەدی کۆن، لەوبەری چەم ئەو چەمەی ئێستە بەنداوی باوە شاسواری لەسەر بنیات نراوە، پشتەوەی دەکاتە شاخەکانی کفری بە قاتەکانی کفری لە ئێستادا ناسراوە.

دووەم لایەنی مێژووی: ئەم پاشـــماوە شـــوێنەوارییانەی ئێســـتە لێرەدا ماونەتەوە یان بونە تە بەشـــێك لەزەوی ناو چە کەو کەوتو نە تە ژێر خا کە کەوە، بەر مەبنای زانیارییە کان دەربارەی مێژووی کفری و ناو چە کە بە تایبەت شـوێنەوارەکانی پێش ئیسـلام وەك ناوچەکانی کەلاری ئێسـتا بونی بیناسـازی سـاسـانی بۆچونەکانی مسـتەر ریچ دەربارەی شوێنەوارەکان درو ستربنیان سەردەمی سا سانییە، چونکە ئەو تایبەتمەندیانەی مستەر ریچ با سیان دەکات لەکاتی دۆزینەوەدا تایبەتمەندی بیناسازی ساسانین.




شوێنی هەڵکۆڵینەکانی قەرە ئۆخلان لەگەشتنامەی ریچ(توێژەر)

ساسانییەکان: دەوڵتێکی بەهێزی ناوچەکە بوون، لە ساڵی ٢٢٤ زاینی دامەزرا، پاش ڕووخانی ئەشکانییەکان توانیان تا ساڵی ٦٥١زاینی لە ناوچەکانی ئێران و عیراق فەرمانڕەوایەتی بکەن، ناوەندی دەسەڵاتەکەیان لەکاتی ڕووخانی دەوڵەتەکەیان لە تیسفون بوو، لە سەردەمی یەزگوردی سێهەم لە نزیک بەغدادی ئێستا(دریایی و رزاخانی: ١٣٩٨، ل٢٣). لە کۆتای ساڵی ٢٢٤ زاینی ئەشکانییەکان دەسەڵاتەکەیان بەرەو لاوازی ڕۆشت و ئەردەوانی ٥م بە دەستی ئەردەشێری کوڕی بابک کوژرا و توانی ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی دابمەزرێنێت(دان ناردۆن: ٢٠٠٨، ل١٤٣). کەتوانیان بۆماوەی ٤ سەدە فەرمانڕەوایەتی بەشێکی زۆری ناوچەکە بکەن و خاوەنی شارستانییەتێکی بەهێزبن، سنووری دەسەڵاتیان لە خۆرهەڵاتەوە دەگەشتە وڵاتی چین و هند، لە باکوورەوە ناوچەکانی قەفقاز، لە خۆرئاواوە وڵاتی سوریای ئەمڕۆ و شام و لە باشووریشەوە وڵاتی بەحرێن، ناوەندی زستانەی دەسەڵاتداریەتی ساسانی تیسفونە، کە بە زمانی عەرەبی پێیدەوترێت مەدائین(کریستینسن: ٢٠٠٦، ل٤٧٩و٤٨٠). لە ئێستادا ئەم ناوەندە پێیدەوترێت سەلمان پاک لە کەنار ڕووباری دیجلەیە لە خۆرهەڵاتی بەغداد و لە هاوینیشدا دەگەڕانەوە ئەگباتان یان هەمەدانی ئێستا، ئەم ئیمپڕاتۆریەتییە ٢٥پاد شا فەرمانڕەوایەتییانکردوە، کۆتا پاد شایان یەزدەگردی سێهەم بووە کە لە سەردە ستی سوپای ئیسلام بە سوپا سالاری سەعدی کوڕی وەقاس لە شەڕی قادسیە سەرکەوت بەسەر سەرکردەی ساسانییەکان ڕۆستەم فروخ زاد و لە سالانی ٦٥١زاینی کۆتای بە دەسەڵاتی ساسانییەکان هات لەسەردەستی موسڵمانان(مارف: ٢٠٢١، ل٧٣).

بەوردبونەوە لە زانیاریەکانی مستەر ریچ دەڵیت گومان دەکەم ئێرە پێشتر شاری بوبێت و وە کفری لەسەرەتادا لێرە بوبێت، هەوەها شوێنی جوگرافیای کفری وەها هاڵکەوتوە کە سەرە رێگەی کاروانە بازرگانییەکان بوە لە بە شی ێژووە ئەوە رونکراوەتەوە دەبینین ئەم تایبەت مەندیانەی شاری کفری یان شوێنەوارەکانی قەرە ئۆغلان لە گەڵ تایبەت مەندی بیناسازی ساسانی وشارسازی ساسانی یەکدەگرنەوە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

شــارســازی ســاســانی: ســاســانییەکان زۆر گرنگیان بە شــارنشــینی و بونیادنانی شــار و بەهێزکردنی ژیانی شارنشینیداوە(مهر افرین: ١٣٩٣، ل٦٣). تایبەتمەندییەکانی شارسازی ساسانیش بریتین لەمانە: یەکەم لایانی سەربازی، تایبەتمەندی بیناسازی سەربازی و بەرگری شارە ساسانییەکان زۆر بە هێزن، وەک درووستکردنی شورا بۆ شارەکان و دیواری بەرز و بەهێز، لە شـوێنک بونیادنراون شـورای سـورشـتی بوونیهەبێت، وەک ڕووبار و چیا و خەرەند هەروەها خەندەکی ئاوی و خەندەکی ســرشــتی زۆر ڕەچاوکراوە، بورجی زۆر گەورە و بە هێز لە بونیادنانی شــارەکان درووسـتکراون، بە شـێوەیەک شـارە سـاسـانییەکان وەک قەڵایەکی سـەربازی گەورە دەردەکەون(خزاعی: ١٣٦٤، ل٩٢). ئیستاش ئەم شوێنە غەرەندە و بەدیاریکراویش مستەر ریچ دەڵێت لەبناری غەرەندەکەی کفری کەلاوەکان هەڵکەوتون.

دووەم لایانی ئاینی: زەردەشـت ئاینی فەرمی دەوڵەتی سـاسـانی بووە، ئەمەش زۆر کاریگەرەی لەسـەر بونیادنانی شــارەکان کردووە، بە جۆرێک تایبەتمەندی ئاینی لە شــارەکان ڕەنگی داوەتەوە لە دیاریکردن و درووســتکردنی بینای ئاینی وەک ئاتەشگە و چوار ستون بۆ دانیشتوانی شار، بوونی مەعبەد و مەزارگەی ئاینی لە شارەکان، تەنانەت پشت بەسـتن بە زانسـتی هەسـارەکان لە شـوێنی بنیاتنانەکە، بەشـێوەیەک هیچ شـارێکی سـاسـانی بنیاتنەنراوە بەبێبوونی بیناسازی ئاینی زەردەشتی(ورجاوند: ١٣٧٠، ل٩). لەبەر ئەوم هۆکارەیە مستەر ریچ دەڵێت بە شوێنەوارانەیان دەگوت شوێنەواری گاورەکان یان کافرەکان.

سـێهەم سـیاسـی و کارگێڕی: تایبەتمەندی سـیاسـی و کارگێڕی بە نمونە شـاری تیسـفون وەک یەکێك لە شـارە سیاسیەکانی ساسانی کە هۆکاری بونیادنانی سیاسیی بووە؛ شارە ساسانییەکان تایبەتمەندی ساسی و کارگێڕیان هەبووە، بە نمونە لە شـارەکاندا ڕەچاوی شـوێن کۆشـکی حاکمی سـاسـی و کارگێڕی شـارەکە کراوە، بۆ ئەوەی وەک نیشتەجێی شارەکە ڕاستەوخۆ کارگێڕی شارەکە بدات،بوونی بیناسازی کارگێڕی و سیاسی لە شارەکەدا یەکێکبووە لە تایبەتمەندیانە کە بونیادنەرانی شـارەکە ڕەچاویانکردووە(پیکلوسـکایا: ١٣٧٧، ل٢١٨). شـاری کفری دەکەوێتە سـەر ئەم ڕێگای نێوان ئەم دو ناوەندە گرنگەی ساسانی.

چوارەم بازرگانی: شــارە ســاســانییەکان تایبەتمەندیکی تری گرنگیان لایەنی بازرگانی و گرنگیدان بە بازرگانی و ئالوگۆڕی شــمەکەکانبووە، وەک ناوەندی بازرگانی لە بونیادنانی شــارەکان زۆر گرنگیدراوە بە بازاڕی گەورە و کۆگای باشی هەڵگرتنی شتومەک و سەرەڕێبوونی شارەکان وەک ناوەندی بازرگانی، بە نمونە وەک سەمەرقەدند و بیشابور و شـاری ڕەی کە ناوەندی بازرگانی ڕۆژگاری خویان بوون(مهر افرین: ١٣٩٣، ل٧٩).سـاردەمی دەولەتی عوسـمانیش کفری ناوندێکی گرنگی بازرگانی بووە لەبەشی مێژوو رونمانکردوەتەوە.

پوونجەم گرنگی گونجاوی گەش و هەوا: سـاسـانییەکان لە شـوێنی وشـک و بێ ئاودا شـاریان بنیاتنەناوە، بەڵکو لە باشترین و گونجاوترین شوێنی وڵاتەکەیان لە ناوچەکان گەڕاون بۆ بونیادنانی شار، بەتایبەت سەرچاوەی ئاوی خاوێن و توانای گواســتنەوەی ئاوەکە و کەناری ڕووبارەکان و ســەرچاوە ئاوییەکان، وەک تایبەتمەندی بونیادنانی شــاری ساسانی گرنگی پێدەدرا(مهر افرین: ١٣٩٣، ل٨٠). چونکە ناوچەکە گونجاو بوە بۆژیان و سەرچاوەی ئاوی باشی هەبووە بەتایبەت بۆ ئەو سەردەمە کەشوهەوای کفری لەبار بووە چونکە زۆر سارد نەبووە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لێرەدا ئەوە روندەبێتەوە کە پاشـــماوە بیناســـازییەکانی قەرە ئۆغلان لەســـەر بنەمای زانیاریەکانی ریچ و تۆمارە مێژوییەکان نزیکترین بۆچون لەو بۆچونانەی ریچ ئاماچەی پێکردون دەبێت شوێنەواری سا سانی بنو چونکە لە نزیك کفری شـوێنەواری دیکەی سـاسـانی زۆرن بەتایبەت لە کەلار، پاڵپشـت بە سـەرچاوە مێژووییەکان بونیادنانی شـاری سـیروان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری دەوڵەتی سـاسـانی، لە سـەردەمی قوبادی کوڕی فەیروزی سـاسـانی بونیادنراوە، لە سـەردەمی سـاسـانییەکان سـێ شـار بەناوی کەلار بونیادنران یەکێکیان لە ئێسـتادا دەکەوێتە باکووری ئێران بەناوی کەلاردە شت(برجیان: ١٣٨٨، ل١١). شارێکیتریان لە ئەفغانستانە وە شاری سێهەمیش لە ئێستادا کەتوەتە عێراق(نصری اشرفی: ١٣٧٧، ج١، ل٣١).

گەر لە پێکهاتەی شـاری کەلاریش ورد ببینەوە بەهەمان شـێوە درک بەو ڕاسـتیە دەکرێت، ئەوگردە سـروشـتییەی کەناری ڕووباری سـیروان سـوودی لێوەرگیراوە بۆ درووسـتکردنی بنکەیەکی سـەربازی، ئاوەدانکردنەوەی شـار بە دەوریدا، رزگار حەمید ئاماژەی بەوەکردووە شـاری کەلار قەڵایەکی سـەربازی بووە، لەسـەردمی سـاسـانییەکان(ڕزگار حاجی حمید: ٢٠١٩، ل٤٣و٤٤). کەواتە بونی شـارێکی گەورەی سـاسـانی لەنزیك کفری و شـوێنەواری سـاسـانی دەمان گەێنێتە ئەو راستەیی کەوا شارستانیەتی ساسانی لەم ناوچەیە بڵاوبوە جێگەی بایخ بووە بۆ ساسانییەکان.

**دەرەنجام:**

دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەربارەی زانیارییە کتێبخانەییەکان و زانیارییەکانی مســتەر ریچ دەرەبارەی کنەو پشکنیەکانی قەرە ئۆخلان گەشتینە ئەم ئەنجامانە.

١-ئەو شـوێنەی مسـتەر ریچ هەڵکۆڵینی تێدا ئەنجامداوە بە قەر ئۆغلان ناوی دەبات ئێسـتا ئێدەوترێت ئەور چەم بەرنابەر گەرەکی ئیمام حەمەدی کۆن.

٢-لەروی جوگرافیاییەوە ئیســتا ئەم شــوێنە دەکەوێتە باکورو خۆرهەلاتی ســەنتەری قەزای کفری لەدامێنە شــاخەکانی کفری کە بە قاتەکانی کفری ناســراون، لەبەری خۆرهەلاتی چەمەکەی کفری، بەدوری تەنها دوکیلۆمەترێك لەسەنتەری شاری کفری بەهۆی گەورە بونی کفرییوە نزیکە لەسەنتەری شار لە ئێستادا

٣-رێچ بیناســازی دۆزیوەتەوە لەگەڵ پاشــماوەی گڵینەســازی، نزیکترین بۆچوون پاشــماوە شــوێنەواریانە بۆی بگەرێنەوە سەردەمی ساسانییە.کە خۆشی ئاماژەی پێکردووە.

٤-شوێنی جوگرافیایی کفری سەرەرێگەی کاروانی بازرگانی بووە، بۆ ساسانییەکان گرنگ و گونجاوبووە، بۆیە بونی شوێنەواری بیناسازی و گڵێنە دەورانی ساسانی ئاساییە و رێیتێدەچێت.

٥- رێچ دەڵێت رەنگە شارە کۆنەکە لێرە بوبێت بەرمەبنای تایبەتمەندی سا سانی کەبا سکرا کۆنترین شوێنی شاری کفری کەلاوەکانی قەرە ئۆخلانبووە.

**ڕاسپاردە:**

١-ئەنجامدانی هەڵکۆڵێنی شوێنەوارناسی لە ناوچەی ئەوبەری چەم لە کفریی.

٢-دوزینەوەی ئەو دەستنوسانەی رێچ ئەگەر هەبن و دەستکەوتنی ئەو هێڵکاریانەی کە ئەگەر لەکاتی گەشتەکەیدا کێشابێتین.

٣-پارێزگاریکردن لەوناوچەیە و رێگریکردن لەوەی خانوی نوێان لەســەر بنیاتنبرێت، بۆ ئەوەی شــوێ"ەوارەکان نەکەونە ژێرخاکەوە.

**سەرچاوەکان:**

ئەلف: کتێب بە زمانی کوردی:

١- رێچ، کلۆدیوس جەیمس ریچ(١٨٣٦)، وەرگێرانی محمد حەمەباقی، چاپی چوارەم هەولێر، ٢٠١٢.

٢-دان ناردۆن، ئیمپراتۆریەتی ئێران، وەرگێڕانی فەرهاد عەزیز خۆشــناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠٠٨م.

٣-عبدالله، هاوســەر ابراهیم کاکە، عبدالله، احمد عزیز، علی، خالد ولی (٢٠١٩)، شــیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشــتوگوزار لە قەزای کفری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە (٥)ەمین کۆنفرانســی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

٤- عبدالحمید، صــلاح الدین (٢٠٠٩)، شــاری کفری لەتەرازووی ڕەســەنایەتی و شــارســتانییەتدا، چاپی یەکەم. و ڕۆشنبیری، کەرکوک.

٥- عزیز، سهیل خورشید (٢٠١٣)، مێژووی ناوچەی کفری لەکۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٨، چاپخانەی یاد..

٦-دەلۆ، حوســێن ئیســماعیل خان (٢٠١٠)، ناوچەی کفری لەنێوان ســاڵانی ١٩١٤-١٩٤٥ لێکۆڵینەوەیەکە لەبارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی.

٧-کریستینسن، (٢٠٠٦م.)ئارتوور کریستینسن، ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان، وەرگێڕانی صەلاح الدین ئاشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی.

٨-مارف، عوومەر ئیسماعیل مارف، (٢٠٢١م.)لە مێژوودا گەڕانێک بەناو سەدە و سەردەمەکانی ڕابردو، چاپی یەکەم، چاپانەی حەمدی، سلێمانی.

٩-نەریمان، مصطفی (١٩٩٤)، بیرەوەرییەکانی ژیانم، دار الحریة للطباعة-بغداد.

١٠- احمد، ئامانج فوئاد (٢٠١٨)، شــێوازەکانی دابەشــبوونی شــوێنیی نشــینگە دێهاتییەکانی قەزای کفری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی پێنجەم، ژمارە (٤).

١١-زرزگارحاجی حەمید،( ٢٠١٩) م.کەلار مێژوویکی دێرین جوگرافیی شارێکی زیندو (١٩٧٠-٢٠١٢ م)، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیی مرۆیدا، چاپی دووهەم، چاپخانەی چوارچرا، کوردستان.

**ب-كتێب بەزمانی عەرەبی:**

١٢-باقر،طه و ســفر، فؤاد (١٩٦٥)، المرشــد الى موطن الاثار و الحضــارة، الرحلة الرابعة بغداد-كركوك-الســليمانية، أصدرتها مديرية الفنون و الثقافة الشعبية فى وزارة الثقافة و الارشاد، بغداد.

١٣-عزيز، ســهيل خورشــيد (٢٠٠٢)، صــفحات من تاريخ منطقة كفرى، الطبعة الاولى، مركز تەما للطباعة و النشــر-السليمانية.

١٤-نيبور(١٩٦٥)، رحلة نيبور الى العراق فى القرن الثامن عشر، ترجمة: الدكتور محمود حسين الامين، دار الجمهورية للنشر و الطبع-بغداد.

**ج: كتێب بەزمانی فارسی.**

١٥- سبحانی، نريمان سبحانی، شهر با ستانی قصر شيرين، چاپ يكم، انتشارات مؤ سسه فرهنگی هنری و سينمايی كوثر، كرمانشاه، سال ١٣٨٠شمسی.

١٦-تورج دريايی، رضاخانی، تورج دريايی، خداداد رضاخانی، شاهنشاهی ساسانی و تمدن‌های همجوار آن، ان، نوبت چاپ يكم، ناشر گاندی، تهران سال چاپ ١٣٩٨شمسی.

١٧-مهرآفرين، رضا مهرآفرين، شهرهای ساسانی، سازمان مطالعه و تدوين كتاب علوم انسانی دانشگاه‌ها، انتشارات سمت، تهران،١٣٩٣شمسی.

١٨-غزاعی، رضا، مفهوم شهروندی در شهر ساسانی، نوبت چاپ يكم، ناشر انتشارات بهار درخت، تهران، سال ١٣٩٥شمسی.

١٩-ورجاوندی، پرويز، شهرسازی و شهر نشينی در ايران شهرهای ايران، نوبت چاپ يكم، انتشارات سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، تهران، ١٣٧٠شمسی.

٢٠-پيطلوسكايا،نون، شهر هاي ايران در روزگار پارتيان و ساسانيان،ناشر انتشارات علمی فرهنگی، نوبت چاپ يكم، تهران، سال ١٣٧٧شمسی.

٢١-برجيان، حبيب برجيان، متون طبری، آينه ميراث صاحب امتياز مؤسسه پژوهشی ميراث مكتوب، تهران، ١٣٨٨شمسی.

٢٢-نصری ا شرافی، جهانگير نصری ا شرافی، واژه‌نامه بزرگ طبری، به كو شش حسين صمدی و سيد كاظم مداح و كريم الله قائمی و علی ا صغر يو سفی نيا و محمود داوودی درزی و محمد حسن شكوری و عسكری آقاجانيان ميری و ابوالحسن واعظی و ناصر يداللهی و جمشيد قائمی و فرهاد صابر و ناعمه پازوكی، ناشر انديشه پرداز و خانه سبز، تهران.١٣٧٧شمسی.